سوره 33: الأحزاب

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا (1)

ئەی پێغەمبەر لەخوا بترسەو (بەردەوام بەلەسەر تەقواو پارێزکاری) هەرگیز ملکەچی بێ باوەڕان و دووڕووەکان مەبە(کەدەیانەوێ لەڕێگەی ڕاست وێڵت بکەن، جونکە) بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام زۆر زاناو دانایە.

وَاتَّبِعْ مَا يُوحَى إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (2)

بەڵكو تەنها شوێنی ئەو (ڕێنموونییانە) بکەوەکەلەلایەن پەروەردگارتەوەبەنیگا بۆت ڕەوانەدەکرێت، بەڕاستی خوا هەمیشەئاگادارەبەو کردەوانەی کەئەنجامی دەدەن.

وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا (3)

هەمیشەو بەردەوام پشت بەخوا ببەستە، تەنها ئەو خوا بەسەکەپشتیوان و یاریدەدەر بێت.

مَّا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ وَمَا جَعَلَ أَزْوَاجَكُمُ اللَّائِي تُظَاهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَاتِكُمْ وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءكُمْ أَبْنَاءكُمْ ذَلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَاهِكُمْ وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ (4)

خوا دوودڵی دروست نەکردووەلەدەروونی هیچ کەسێکدا (دوو بیروباوەڕ جێی نابێتەوە)، (کەواتە) هاوسەرانیشتان کەبەدەم پێیان دەڵێن (ئێوەلەجێی دایکمانن) بەو قسەیەنابنەدایکتان، ئەوانەش کەبەکوڕی خۆتانی دەزانن (لەکاتێکدا ڕاستیەکەی وا نیە)، خوا حەق وێژەو هەر ئەو ڕێبازی ڕاست و دروست، نیشانی (بەندەکانی) دەدات.

ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوا آبَاءهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (5)

(ئەو کوڕانە) بەناوی باوکی خۆیانەوەناویان بەرن، ئەوەڕاست ترو پەسەند ترەلای خوا، ئەگەر باوکیاننتان نەدەناسی، خۆ برای دینیتانن، سەر بەئێوەن و لەئێوەن، (ئەگەر دوور لەسووکایەتی) هەڵەیەکتان کرد ئەوەقەیناکا، بەڵام ئەگەر لەدڵتاندا، نیەتی پاک هەبێ (ئەوەلێپرسینەوەی دەبێت) هەمیشەو بەردەوامیش خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە(لەهەڵەکانتان دەبووریت).

النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وَأُوْلُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ إِلَّا أَن تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيَائِكُم مَّعْرُوفًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا (6)

پێغەمبەر لەخودی ئیمانداران لەپێشترەبۆیان (واتەدەبێ لەخۆیان زیاتر خۆشیان بوێ، فەرمانەکانی لەسەروو فەرمان و داخوازیەکانەوەبێت) خێزانەکانیشی دایکیانن (دایکی ئیماندارانن، دایکی مەعنەوییانن) خزمانیش لەپێشترن (لەکەسانی تر)، لەقورئانی خوادا، لەئیمانداران و کۆچکەران، خۆ ئەگەر لەگەڵ دۆستان و خزمان و ئاشنایانی خۆتان کارێکی چاک ئەنجام بدەن، ئەو چاکەیەتان لەنامەی کردەوەکانتاندا بۆتان تۆمار کراوە.

وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّينَ مِيثَاقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا (7)

(بیریان بخەرەوەکەئێمە)پەیمانمان لەپێغەمبەران وەرگرتووە(پەیمانی گەیاندنی بانگەوازی خوا)، (بەتایبەت) لەتۆ ئەی (محمد صلى اللهعلیەوسلم) وەلەنوح و ئیبراهیم و موسا و عیسای کوڕی مەریەم، بێگومان پەیمانێکی بەهێزو پتەومان لێ وەرگرتن.

لِيَسْأَلَ الصَّادِقِينَ عَن صِدْقِهِمْ وَأَعَدَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا أَلِيمًا (8)

تا لە(ڕۆژی قیامەتدا، خوا) پرسیار بکات لەڕاستگۆیان دەربارەی ڕاستییەکان، بەڕاستیی بۆ کافرانیش سزاو تۆڵەیەکی بەئێشی ئامادەکردووە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَاءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا (9)

ئەی ئەوانەی کەئیمان و باوەڕتان هێناوەیادی نیعمەتی خوا بکەنەوەلەسەرتان (مەبەست جەنگی خەندەقەکەخوای گەورەفریای ئیمانداران کەوت)، کاتێ کەسەربازانی (کوفر) هاتنەسەرتان ئێمەش ڕەشەبایەکی بەهێزو سەربازانێکمان ناردەسەریان کەنەتان دەبینین، خوای گەورەبینابوو بەهەوڵ و کۆششتان (چۆن پاسەوانیتان دەکرد، چۆن ئەو چاڵەقووڵ و درێژەتان هەڵکەند...هتد).

إِذْ جَاؤُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتْ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا (10)

(دوژمنان) لەلای سەرووەوەهاتنەسەرتان، هەروەها لەلای خوارووشتانەوە، چاوەکان ئەبڵەق بوون، وەدڵەکان هاتبوونەگەروو، گومانی جۆراوجۆرتان هەبوو لەبەرانبەر (بەڵێنەکانی) خوای گەورە، (بەسەرکەوتنی ئیمانداران).

هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالًا شَدِيدًا (11)

ئا لەو کاتەدا ئیمانداران تاقی کرانەوەو تووشی تاقیکردنەوەیەکی زۆر توندو بەهێز بوون، تووشی بوومەلەرزەو تەکانێکی دەروونیی گەورەبوون.

وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا غُرُورًا (12)

ئەو کاتەئیتر دووڕووەکان و ئەوانەی کەدڵیان نەخۆشی (گومانی) تیابوو دەیانوت: بەڵێنی خواو پێغەمبەرەکەی تەنها بۆ هاندان بوو (کوا هیچ هاتەدی؟!).

وَإِذْ قَالَت طَّائِفَةٌ مِّنْهُمْ يَا أَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَارْجِعُوا وَيَسْتَأْذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ النَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا (13)

(بیرتان نەچی) کاتێ کەدەستەیەک لەدووڕووەکان وتیان: ئەی خەڵکی (یثریب)، (مەبەست شاری مەدینەیە) ئەمەشوێنی ئێوەنیە، بگەڕێنەوە(بۆ ناو شار) دەستەیەکیشیان مۆڵەت لەپێغەمبەر دەخوازن و دەڵێن: ماڵەکانمان بەدەرەوەیە(گوایەدوژمن بەئاسانی دەتوانێ هەڵکوتێتەسەری)، لەڕاستیدا وا نیەو (دوژمن ناتوانێ زەفەریان پێ بەرێت)، بەڵکو ئەوانەدەیانەوێت هەڵبێن و (خۆبدزنەوە).

وَلَوْ دُخِلَتْ عَلَيْهِم مِّنْ أَقْطَارِهَا ثُمَّ سُئِلُوا الْفِتْنَةَ لَآتَوْهَا وَمَا تَلَبَّثُوا بِهَا إِلَّا يَسِيرًا (14)

ئەگەر (لەشکری دوژمنان) لەچوارلای مەدینەوەبچنەناو شارو (هێرشی بکەنەسەر) لەوەودوا داوای خیانەت و تاوانیان لێ بکرێت (ئەو دووڕووانە) تاوان ئەنجام دەدەن، مەگەر کەمێکیان پێ بچێت (ئەگینا لەکاری خیانەت ماتڵ نابن).

وَلَقَدْ كَانُوا عَاهَدُوا اللَّهَ مِن قَبْلُ لَا يُوَلُّونَ الْأَدْبَارَ وَكَانَ عَهْدُ اللَّهِ مَسْؤُولًا (15)

زووتر ئەوانەپەیمانیان بەخوای گەورەدابوو کەپشت هەڵنەکەن (لەکاتی بەرەنگاری دوژمندا، بێگومان) بەڵێنێك کەبەخوا درابێت بەرپرسیارن لێی.

قُل لَّن يَنفَعَكُمُ الْفِرَارُ إِن فَرَرْتُم مِّنَ الْمَوْتِ أَوِ الْقَتْلِ وَإِذًا لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلًا (16)

پێیان بڵێ: (ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) هەڵاتن، سوود بەخش نابێت بۆتان ئەگەر هەڵبێن لەمردن، یان لەکوشتن، ئەوسا ئیتر ڕابواردن و (ژیانتان) زۆر کەم و کۆتایە، (چونکەژیانی دنیا چەندەدرێژخایەن بێت هەر کەم وکۆتایە).

قُلْ مَن ذَا الَّذِي يَعْصِمُكُم مِّنَ اللَّهِ إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوءًا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا (17)

پێیان بڵێ: کێ هەیەپەناتان بدا لەخواو بتانپارێزێ لەتۆڵەسەندنەوەی، ئەگەر بیەوێ ناخۆشییەکتان بۆ پێش بێنێت، (یاخود کێ هەیەدەتوانێت بەری میهرەبانی و سۆزی بگرێت) ئەگەر بیەوێ بەزەیی و ڕەحمەتی خۆیتان پێ ببەخشێت، (ئەو کاتەئیتر ئەوانە) جگەلەخوا کەسیان دەست ناکەوێت کەپشتیوانییان لێ بکات و سەریان بخات.

قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الْمُعَوِّقِينَ مِنكُمْ وَالْقَائِلِينَ لِإِخْوَانِهِمْ هَلُمَّ إِلَيْنَا وَلَا يَأْتُونَ الْبَأْسَ إِلَّا قَلِيلًا (18)

بەڕاستی خوا ئەو کەسانەدەناسێت کەکۆسپ و تەگەرەدروست دەکەن، ئەوانەی کەبەبراکانیان دەڵێن وەرن بۆلای ئێمە، (خۆتان بدزنەوەلەسوپای ئیمانداران)، ئەوانەزۆر کەم نەبێ خۆیان ناخەنەناو تاڵوکەی جەنگەوە.

أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ فَإِذَا جَاء الْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كَالَّذِي يُغْشَى عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ فَإِذَا ذَهَبَ الْخَوْفُ سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى الْخَيْرِ أُوْلَئِكَ لَمْ يُؤْمِنُوا فَأَحْبَطَ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا (19)

بەرانبەر ئێوەزۆر بێ هیمەتن، کاتێ لەترس و بیم هات دەیانبینی کەتەماشات دەکەن، چاوەکانیان دەسوڕێتەوەو ئەبڵەق دەبێت وەک کەسێک کەترس هەبێت لەمردنی، هەر ترس و بیمیش ڕۆیشت و نەما، زمان درێژ دەکەن و دەمیان گەرم دەبێت، (جا هەرچەندەئەوسا ڕەزیل بوون لەبەخشیندا، ئێستا کەدەسکەوت هەیەدەیانەوێت زۆرترین

دەسکەوتیان بدرێتێ)، ئا ئەوانەباوەڕیان نەهێناوە، خوایش کردەوەکانیان پووچ دەکاتەوە، ئەڵبەتەئەو کارەش لای خوا ئاسانە.

يَحْسَبُونَ الْأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا وَإِن يَأْتِ الْأَحْزَابُ يَوَدُّوا لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِي الْأَعْرَابِ يَسْأَلُونَ عَنْ أَنبَائِكُمْ وَلَوْ كَانُوا فِيكُم مَّا قَاتَلُوا إِلَّا قَلِيلًا (20)

ئەوانەهێشتا وا دەزانن کەلەشکرو گرۆو دەستەکان نەڕۆیشتوون، ئەگەر لەشکری گرۆکان هات، ئاوات دەخوازن لەناو عەرەبەبیابان نشینەکاندا بوونایەو (لەوێوە) هەواڵی ئێوەیان بپرسیایە!! خۆ ئەگەر لەناو ئێوەدا بوونایەزۆر کەم جەنگیان دەکرد.

لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا (21)

بەڕاستی لەپێغەمبەری خوادا چاکترین نموونەی تەواوو ڕێکوپێك بەدی دەکرێت تا چاوی لێبکەن و شوێنی بکەون، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە(ڕەزامەندیی) خوایان مەبەستە، (سەرفەرازیی) قیامەت ئاواتیانە، (هەمیشەو بەردەوام) یادی خوا بەزۆری ئەنجام دەدەن و (زمانیان پاراوەبەیادی ئەو).

وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الْأَحْزَابَ قَالُوا هَذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّا إِيمَانًا وَتَسْلِيمًا (22)

کاتێ کەئیمانداران ئەو هەموو دەستەو گرۆهانەیان بینی وتیان:
ئائەمەبەڵێنی خواو پێغەمبەرەکەیەتی (کەئاوا دژایەتی ئاینەکەی دەکرێ و کافران و دووڕووەکان نەخشەو پیلان دەکێشن بۆ ڕیشەکەنکردنی)، (ئاشکرایە) خواو پێغەمبەرەکەی ڕاستدەکەن، (بێگومان بەو دژایەتییەئیمانداران) باوەڕیان پتەوتر دەبێت و زیاتر ملکەچ و فەرمانبەرداری (خواو پێغەمبەر) دەبن.

مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُم مَّن قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا (23)

لەنێوان ئیمانداراندا کەسانێک هەن کەئەو پەیمانەی داویانەبەخوا پابەندن پێی و لێی لانادەن، هەیانەشەهید بووەو وەفاتی کردووە،
هەشیانەچاوەڕوانە، بەهیچ شێوەیەک گۆڕان و لاریی ڕووی طی نەکردوون.

لِيَجْزِيَ اللَّهُ الصَّادِقِينَ بِصِدْقِهِمْ وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ إِن شَاء أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا (24)

تا خوای گەورەپاداشتی ڕاستگۆیان لەسەر ڕاستییەکەیان بداتەوە، هەروەها سزاو تۆڵەی دووڕووەکانیش دەدات، یان تەوبەو پەشیمانیان لێ وەردەگرێت، چونکەئەو خوایەهەمیشەو بەردەوام لێخۆشبوو و میهرەبانە.

وَرَدَّ اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُوا خَيْرًا وَكَفَى اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ الْقِتَالَ وَكَانَ اللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا (25)

ئەوس اخوا کافرانی (تێکشکاند) و گێڕانیەوەدواوەبەخۆیان و کینەو بوغزیانەوە، هیچ جۆرەخێرێکیان دەست نەکەوت، هەر خوا خۆی ئیماندارانی لەجەنگ پاراست هەر خۆیشی (بەباو باران و لەشکری تایبەتی کافرانی تێک شکاند)، جا هەمیشەو بەردەوام خوا زۆر بەهێزەو زۆریش بەدەسەڵاتە.

وَأَنزَلَ الَّذِينَ ظَاهَرُوهُم مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِن صَيَاصِيهِمْ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا (26)

هەر ئەو زاتەخۆی ئەوانەی دابەزان لەخاوەنی کتێبە(ئاسمانیەکان، لەجووەکانی "بنی قريضة" لەقەڵاکانیان، ترس و بیمی فڕێدایەدڵیان، (تا وایان لێهات)، دەستەیەکیان بەدەستی ئێوەکوژران، دەستەیەکیشیان بەدیل گیران.

وَأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ وَدِيَارَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ وَأَرْضًا لَّمْ تَطَؤُوهَا وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرًا (27)

سەرئەنجام هەرچی زەوی و زارو ماڵ و خانوو سامانێکیان هەبوو (خوا) بەخشی بەئێوە، هەروەها شوێنی تریش کەهێشتا نەگەیشتبوونەسەری، بێگومان هەمیشەو بەردەوام خوا دەستی بەسەر هەموو شتێکدا دەڕوات، (بەپشتیوانی خوای گەورەڕۆژێك دێت، پیلانگێران سەرشۆڕ و ڕیسوا دەکات، وەهەرچی سامان و ماڵێك کەبەخیانەت و پیلان گێڕان دژی موسوڵمانان بەدەستیان هێناوە، دەدرێتەوەبەخاوەنەکانی... جا ئەو ڕۆژەئەم ئایەتانەی سوورەتی (الأحزاب) 21-27 دەڵێی ئەو ساتەهاتۆتەخوارەوە).

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا (28)

ئەی پێغەمبەر بەهاوسەرانت بڵێ: ئەگەر ئێوە(تەنها) ژیانی دنیاو ڕازاوەییەکەیتان دەوێت، وەرن با هەندێک شتومەک و پارەو پوولتان پێ ببەخشم، لەوەودواش بەجوانترین شێوەدەستبەردارتان ببم.

وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا (29)

خۆ ئەگەر ئێوەخواو پێغەمبەرەکەی و پاداشتی ڕۆژی ڕەستاخێزتان دەوێ، ئەوەدڵنیابن کەخوا بۆ چاکەکارانتان پاداشتی زۆر گەورەو ی ی ئەندازەی ئامادەکردووە(پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم هەموو هاوسەرانی یەک یەک تاقیکردەوەهەموانیان خواو پێغەمبەرو پاداشتی خوایان هەڵبژارد).

يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا (30)

ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر: هەرکەس لەئێوەبەگوناهێکی ئاشکرا هەستێت (ئەوەبا بزانێت کە) دوو بەرابەر سزا دەدرێت، ئەوەش لای خوا زۆر ئاسانە(چونکەئێوەقەدرو ڕیزی تایبەتیان هەیە).

وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ وَتَعْمَلْ صَالِحًا نُّؤْتِهَا أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا (31)

ئەوەشتان کەفەرمانبەرادارو ملکەچی خواو پێغەمبەرەکەی بێت، کردەوەی چاکیش ئەنجام بدات ئەوەپاداشتی دووبەرابەر دەدەینەوە، هەرووەها ڕزق و ڕۆزییەکی بەنرخ و پیرۆزمان (لەبەهەشتا) بۆ ئامادەکردووە.

يَا نِسَاء النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ النِّسَاء إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا (32)

ئەی ژنانی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم، ئێوەوەک هیچ ئافرەتێکی تر نین ئەگەر بەتەواوی ترسی خوا (لەدڵ و دەروونتاندا هەیە) قسەبەناسکی و شێوەیەک مەکەن، نەوەکو ئەوەی دڵی نەخۆشەبوروژێت، (هەمیشەو بەردەوامیش) قسەی چاک و بەجێ بکەن کە: (هیچ کەس نەتوانێت ڕەخنەی لێ بگرێت).

وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا (33)

(ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) لەماڵەکانی خۆتاندا بسرەون، (بۆ کاری پێویست نەبێت لەماڵ دەرمەچن) زینەت و جوانی خۆتان دەرمەخەن وەکو سەردەمی نەفامی زوو، نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن، زەکاتیش ببەخشن (لەماڵ و سامان و عیلم و زانست و هێزو توانا)، فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەشی بن، چونکەبەڕاستی خوا دەیەوێت هەموو ناپاکیی و ناسازیی و نادروستییەک لەئێوەدووربخاتەوەئەی خاوو خێزانی ماڵی (پێغمبەر)، بەپوختی و چاکیی و پاکیی بتانهێڵێتەوە.

وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا (34)

هەرچی لەماڵەکانتاندا دەوترێت یادی بگرن و فەرامۆشی مەکەن، لەئایەتەکانی خواو (فەرموودەبەنرخەکان کەپڕن) لەدانایی، بەڕاستی خوا بەردەوام بە لوتفەو زۆریش ئاگایە(لەهەڵسوکەوتی بەندەکانی).

إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا (35)

بەڕاستی پیاوان و ئافرەتانی موسوڵمان، پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار، پیاوان و ئافرەتانی ملکەچ و فەرمانبەردار، پیاوان و ئافرەتانی ڕاستگۆ، پیاوان و ئافرەتانی خۆگر، پیاوان و ئافرەتانی لەخوا ترس، پیاوان و ئافرەتانی بەخشندە، پیاوان و ئافرەتانی ڕۆژووەوان، پیاوان و ئافرەتانی داوێنپاک، وەئەو پیاوو ئافرەتانەی کەزۆر یادی خوا دەکەن، بەخشین و لێبوردەیی و پاداشتی زۆر مەزن و بی سنووریان لەلایەن خوای گەورەوەبۆ ئامادەکراوە.

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا (36)

بۆ هیچ پیاوێکی ئیماندار یا ئافرەتێکی ئیماندار، نیەکاتێك کەخواو پێغەمبەرەکەی بڕیاری شتێک بدەن ئەوان سەرپشک بن (لەئەنجامدانی ئەو کارە، چونکە) ئەوەی سەرپێچی بکات لەفەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ئەوەئیتر بەئاشکرا گومڕاو سەرلێشێواوە.

وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا (37)

(تۆ ئەی محمد صلى الله‌علیه‌وسلم) کاتێ بەو کەسەی کە(زید)ەو خوا نیعمەتی ئیمانی پێ بەخشیوە، تۆش نیعمەتی ئازادیی و پەروەردەت لەنزیکی خۆتەوەپێداوەدەڵێیت: هاوسەری خۆت بهێڵەرەوەلای خۆت کە(زەینەب)ە، لەخوا بترسەو (تەڵاقی مەدە)، وەشتێك لەدڵ و دەروونی خۆتدا دەشاریتەوەکەخوا دەیەوێت ئاشکرای بکات، لەخەڵکی دەترسێت )کەدەنگوباست بۆ دروستبکەن) بەڵام خوا لەپێشترەکەحسابی بۆ بکەیت و لێی بترسێت، (لەبەر ئەوە) کاتێ کەزەید خواستی و بوو بەهاوسەری (پاشان ڕێک نەکەوتن و جیابوونەوەو تەڵاق کەوتەنێوانیان، ئێمە(زەینەب)مان لەتۆ مارەکرد، بۆ ئەوەی هیچ جێ پێ لێژبوون و دڵتەنگیەک بۆ ئیمانداران دروست نەبێت، لەهێنانی هاوسەرانی بەناو کوڕیان کاتێک کەپێشتر هاوسەرو حەڵاڵیان بوون، فەرمانی خوایش دەبێت جێبەجێ بکرێت.

مَّا كَانَ عَلَى النَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ اللَّهُ لَهُ سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلُ وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا (38)

هیچ گوناهو هەڵەیەک لەسەر پێغەمبەر نیەلەبەرانبەر کارێکەوەکەخوا خستوویەتیەسەرشانی، (وەئەم جۆرەگۆڕانکاریانە) بەرنامەی خوایەو لەپێغەمبەران و قەومەپێشوەکانیشدا ڕوویداوە(کەعەقیدەو بیروباوەڕیان ڕاستکراوەتەوەهەروەها پەیوەندیەکۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاریەکانیشیان بەگوێرەی بەرنامەی خوا سازدراوە)، بەردەوامیش فەرمانەکانی خوا بەوردیی و ڕێکوپێکی دەبێت جێبەجێ بکرێت.

الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيبًا (39)

ئەوانەی کەپەیامەکانی خوا دەگەیەنن، وەلەو دەترسن و جگەلەو لەهیچ کەسی تر ناترسن، خوا خۆی بەسەکەپاداشتی (چاکەکاران بداتەوەو لەبێ باوەڕانیش بپرسێتەوە).

مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا (40)

محمد وەنەبێ باوکی هیچ کەس لەپیاوانتان بێت بەڵکو پێغەمبەری خوایەو دواهەمینی پێغەمبەرانە، هەمیشەو بەردەوامیش خوا بەهەموو شتێک زانایە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا (41)

ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوەزۆر زۆر یادی خوا بکەن (هەمیشەناوی پیرۆزی ئەوتان لەیاد بی لەدڵ و دەروونتانا جۆش بخواو بێتەسەر زارتان).

وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا (42)

وە(تەسبیحات) و ستایشی بکەن لەبەیانیان و دەمەو ئێوارانداندا.

هُوَ الَّذِي يُصَلِّي عَلَيْكُمْ وَمَلَائِكَتُهُ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَكَانَ بِالْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا (43)

هەر ئەو زاتەخۆی (صلوات) و ڕەحمەتی خۆیتان هەمیشەو بەردەوام بەسەردا دەبارێنێت، هەروەها فریشتەکانیشی (داوای لێ خۆشبونتان بۆ دەکەن) بۆ ئەوەی لەتاریکستانەکان دەرتان بکات و ڕزگارتان بکات وەبتانخاتەناو نوورو ڕووناکی (دینداریيەوەلەدنیادا، وەبەهەشتی بەرینی لەقیامەتدا، جا ئەو پەروەردگارە) هەمیشەو بەردەوام بۆ ئیمانداران بەڕەحم و میهرەبان و دلۆڤانە.

تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُ سَلَامٌ وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا (44)

ئەو ڕۆژەش کەبەدیداری ساد دەبن، بەسەلامکردن پێشوازیتان لێ دەکات وەپاداشتی زۆر بەنرخ و پیرۆزی بۆ ئامادەکردوون.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا (45)

ئەی پێغەمبەر صلی اللەعلیەوسلم ئێمەتۆمان ڕەوانەکردووەکەشایەت بیت (بەسەر ئوممەتی ئیسلامەوەکەپەیامی خوات پێ ڕاگەیاندوون) وەمژدەبەخشیت (بەئیمانداران بەوەی کەڕەزامەندی خواو بەهەشتی

بەرین چاوەڕێیانە) ترسێنەریشیت (بێ باوەڕان دەترسێنێیت لەخەشم و قینی خواو دۆزەخ).

وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا (46)

هەروەها بانگەواز دەکەیت بۆ لای خوا لەسەر مۆڵەتی ئەو، چرایەکی ڕووناکیشی (بۆ سەرجەم سەرگەدانان).

وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم مِّنَ اللَّهِ فَضْلًا كَبِيرًا (47)

(بەردەوام) مژدەبدەبەئیمانداران، کەلەلایەن خواوەڕێزو قەدرێکی زۆریان هەیە.

وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ وَدَعْ أَذَاهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا (48)

ملکەچ و فەرمانبەرداری کافرو دووڕووەکان مەبەگوێ مەدەبەو ئازارو ناخۆشیانەی (کەپێشی دەهێنن بۆ خۆت و بانگەوازەکەت)، هەمیشەپشت بەخوا ببەستە، تەنها خوایش بەسەکەپشتیوان و یاریدەدەربێت.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا (49)

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوەئەگەر ئافرەتانی ئیماندارتان مارەکرد، لەوەودوا جیابونەوەو تەڵاقدانتان پێش ئەوەی بچنەلایان، ئەوەهیچ (عدة)و ماوەیەکیان ناوێت تا حسابی بۆ بکەن و (ماوەی چاوەڕوانی ناوێ بۆ ئەوەی شوو بکات بەیەکێکی تر)، (لەگەڵ ئەوەشدا) هەندێک دیاریان پێشکەش بکەن و بەجوانیی دەستبەرداریان ببن.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّاتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَالَاتِكَ اللَّاتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَامْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي

أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (50)

ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم ئێمەئەو هاوسەرانەتمان بۆ حەڵاڵ کردوویت کەمارەییت پێ بەخشیون، ئەو ئافرەتانەش کەکەنیزەکی تۆن و لەجەنگدا بەدیل گیراون (لەو سەردەمەدا کەنیزەک دیاردەیەکی کۆمەلایەتی سروشتی بووە، ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەجۆرەها شێوەهەوڵی نەهێشتنی ئەو دیاردەیەی داوە)، هەروەها کچەمامەکانت، کچەپورەکانت، کچەخاڵەکانت، کچی ئەو پورانەت کەکۆچیان کرد لەتەک تۆدا، وەهەر ئافرەتێکی بڕوادار کەئەگەر ویستی خۆی پێشکەشی پێغەمبەر بکات، وەپێغەمبەریش ویستی مارەی بکات، کەئەمەیان تایبەتی تۆیە(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) (ئەم ڕوون کردنەوەیەبۆ ئەوەیەکە:) هیچ دڵتەنگی و غەمبارییەك ڕووت تێ ناکات (وا بزانێ کەتۆ لەسنوور دەرچوویت بەوەی کەلەچوار هاوسەر زیاترت هەیە) هەمیشەو بەردەوام خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە(بۆ ئیمانداران).

تُرْجِي مَن تَشَاء مِنْهُنَّ وَتُؤْوِي إِلَيْكَ مَن تَشَاء وَمَنِ ابْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ ذَلِكَ أَدْنَى أَن تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ وَلَا يَحْزَنَّ وَيَرْضَيْنَ بِمَا آتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمًا (51)

هەرکامێکیان لابخەیت (لەهاوسەرانت) یا هەرکامێکیان نزیک بکەیتەوە، یاخود ئەوەیان کەبتەوێت و ئەوەیان کەوازت لێ هێنابێ، پێی گوناهبار نابیت (چونکەتۆ ستەمکار نیت)، ئا بەم شێوەیە(خوای میهرەبان ئەم بارودۆخەخێزانییەی پێغەمبەر باس دەفەرمووێت) تا (خێزانەکانت) دڵیان پێی ئارام بگرێت (چونکەئەو هەموو ئەرکەی کەلەسەر شانی پێغەمبەرە، ئەوەدەخوازێت کەجۆرەسەربەستیەکی لەو بارەیەوەهەبێت)، هاوسەرانیش غەم و خەفەت نەخۆن و (وا بزانن کەپێغەمبەرەلێیان زویرە) وەهەموان ڕازی بن بەو بارودۆخەخێزانیەی کەبۆ پێغەمبەر لەبارو گونجاوە، خوا خۆی دەزانێ کەچی لەدڵەکاندا عەشاردراوە، بێگومان هەمیشەو بەردەوام خوا زاناو دانایە.

لَا يَحِلُّ لَكَ النِّسَاء مِن بَعْدُ وَلَا أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ رَّقِيبًا (52)

لەمەودوا هێنانی ئافرەتانی تر بۆ تۆ حەڵاڵ نیە، یا وازهێنان لەهەندێکیان، تا هاوسەرانی تر بخەیتەجێیان، هەرچەندەئەو ئافرەتانەی دەتەوێ بیانخەیتەجێگەی هاوسەرانت سەرسام بیت لەڕێک و پێکییان جگەکەنیزەک، هەمیشەو بەردەوام خوا چاودێری هەموو شتێك دەكات.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَن يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنكُمْ وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِن وَرَاء حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَن تَنكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِن بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمًا (53)

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوەمەچن بۆ سەردانی ماڵەکانی پێغەمبەر مەگەر مۆڵەتتان بدرێت و مۆڵەت بخوازن، (ئەگەر مۆڵەت دران بۆ نانخواردنێک) چاوەڕێی پێگەیشتنی مەکەن ئەگەر پێنەگەیشتبوو (مەبەست ئەوەیەکەزوو مەچن کەهێشتا خواردنەکەیێ نەگەیشتووە)، بەڵام ئەگەر بانگ کران بچنەژوورەوە، خۆتان بەگفتوگۆوەسەرگەرم مەکەن، چونکەئەو کارەتان پێغەمبەر ئازار دەدات (هەرچەندە شەرمتان لێدەکات و (داوای چوونەدەرەوەتان لێناکات، بێگومان) خوا شەرم لە(ڕاگەیاندنی) حەق و دروستی ناکات خۆ ئەگەر داوای شتێکی دڵی ئێوەو ئەوانیش، بێگومان هیچ کات بۆتان نیەئازارو دڵتەنگی بۆ پێغەمبەری خوا پێش بێنن، هەرگیز بۆتان نیەهاوسەرانی دوای خۆی بەهیچ جۆرێک مارەبکەن، چونکەئەو کارەتان لای خوا زۆر گەورەیەو (زۆر نابەجێیە، چونکەئەوان دایکتانن، دایکیش لەڕۆڵەی حەرامە).

إِن تُبْدُوا شَيْئًا أَوْ تُخْفُوهُ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا (54)

ئەگەر شتێك دەربڕن و ئاشكرای بكەن یا بیشارنەوەو دەری نەبڕن، ئەوەبێگومان خوا بەهەموو شتێك ئاگاو زانایە(نهێنی و ئاشكرا لای ئەو زاتەچونیەكە).

لَّا جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ فِي آبَائِهِنَّ وَلَا أَبْنَائِهِنَّ وَلَا إِخْوَانِهِنَّ وَلَا أَبْنَاء إِخْوَانِهِنَّ وَلَا أَبْنَاء أَخَوَاتِهِنَّ وَلَا نِسَائِهِنَّ وَلَا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ وَاتَّقِينَ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا (55)

(ئافرەتان) چاوپۆشییان لێ دەكرێت و قەیناكا باوانیان ببیانبینن، یان كوڕەكانی خۆیان، یان براكانیان، یان برازاكانیان، یان خوشكەزاكانیان، یان ئەو ئافرەتانەیان (كەئیشیان بۆ دەكەن لەماڵدا)، یان ئەو كەسانەی كەلەماڵەكانیاندا دەژین، لەخوا بترسن (ئەو سنوورانەی كەبۆی داناون مەیشكێنن)، بێگومان خوا شایەتەبەسەر هەموو شتێكەوە.

إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا (56)

بەڕاستی خواو فریشتەكانی (صلوات) دەدەن لەسەر پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئێوەش (صلوات)ی لەسەر بدەن و (بەردەوام یادی خێری بكەن).

إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُّهِينًا (57)

بێگومان ئەوانەی ئازاری خواو پێغەمبەرەكەی دەدەن (مەبەست ئازاردانی پێغەمبەرەصلی اللهعلیەوسلم) یان ئەوانەی كەهاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدەن و كوفر دەكەن و جوێنی پێدەدەن خوا نەفینی لێ كردوون لەدنیاو قیامەتدا سزایەكی زۆر خەجاڵەتئاوەرو سەرشۆڕكەریشی بۆ ئامادەكردوون.

وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا (58)

ئەوانەش کەئازاری پیاوانی ئیماندارو ئافرەتانی ئیماندار دەدەن بێئەوەی تاوانێکیان ئەنجام دابێت، ئەوانەبوختان و گوناهو تاوانێکی ئاشکرا دەگرنەئەستۆ.

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (59)

ئەی پێغەمبەر صلى اللهعليەوسلم بەهاوسەرانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار بڵێ: کەبەپۆشاکی باڵاپۆش خۆیان داپۆشن ئەوەلەبارترین شتەکەپێی بناسرێن، تا ئازار نەدرێن و (تووشی گیروگرفت نەبن)، هەمیشەو بەردەوام خوا لێخۆشبوو میهرەبانە(لەکەم و کوڕی ڕابوردوتان خۆش دەبێت).

لَئِن لَّمْ يَنتَهِ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْمُرْجِفُونَ فِي الْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَا إِلَّا قَلِيلًا (60)

ئەگەر دووڕووەکان و دڵ بیمارەکان و پڕوپاگەندەچیەکان لەمەدینەدا کۆڵ نەدەن، مۆڵەت و هانی تۆ دەدەین کەتۆڵەیان لێ بسێنێت، (لەوەودوا زۆربەیان دەربەدەر بکەیت) و کەمێکیان نەبێ لەشاردا نەمێننەوە.

مَلْعُونِينَ أَيْنَمَا ثُقِفُوا أُخِذُوا وَقُتِّلُوا تَقْتِيلًا (61)

(ئەوانە) نەفرین لێکراون لەهەر کوێ بژین، دەبێت دەستگیر بکرێن و دەبێت بکوژرێن، (چونکەلەخراپەو پیلان و تاوان و کوشتن و دزی و درۆزنی و زیاتر هیچیان لێ ناوەشێتەوە).

سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلُ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا (62)

(دژایەتی ئەو دووڕوانە) لەبەرنامەی خوادایەو لەڕابوردوشدا ئەنجامدراوە، هەرگیز گۆڕانکاری نابینی لەیاساو بەرنامەکانی خوادا.

يَسْأَلُكَ النَّاسُ عَنِ السَّاعَةِ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ السَّاعَةَ تَكُونُ قَرِيبًا (63)

خەڵکی پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ڕۆژی قیامەت (کەی بەرپا دەبێت) پێیان بڵێ: ئەی پێغەمبەر: (کاتی بەرپابوونی) هەر خوا خۆی دەزانێت، جا تۆ چووزانی لەوانەیەڕۆژی قیامەت زۆر نزیکیش بێت.

إِنَّ اللَّهَ لَعَنَ الْكَافِرِينَ وَأَعَدَّ لَهُمْ سَعِيرًا (64)

بێگومان ئەو خوایەنەفرینی کردووەلەکافرەکان (لەڕۆژی قیامەتیشدا) دۆزەخێکی زۆر گەرمی بۆ ئامادەکردوون.

خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا لَّا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا (65)

بۆ هەمیشەتیایدا دەبێت بژین، لەوێش نەپشتیوانێک شک دەبەن فریایان بکەوێت نەکسێک ڕزگاریان بکات.

يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ يَقُولُونَ يَا لَيْتَنَا أَطَعْنَا اللَّهَ وَأَطَعْنَا الرَّسُولَا (66)

ڕۆژێک دێت ڕوخساریان ئەم دیودیوی پێدەکرێت لەناو ئاگردا (تا چاک ببرژێن و بسوتێن) (بەدەم ئاهو ناڵەوەدەڵێن): ئای خۆزگەفەرمانبەرداری خوا بوینایە، گوێڕایەڵی پێغەمبەر بوینایە.

وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَاءَنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا (67)

(هەروەها) دەڵێن: ئێمەملکەچ و فەرمانبەرداری ئاغاو گەورەکانمان بووین، هەر ئەوان ڕێگەو ڕێبازی (ڕاستیان) لەئێمەشێوان و ون کرد (خوا ڕیسوایان دەکات).

رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا (68)

پەروەردگارا: دووبەرابەرو دووچەندانەسزای ئەوانەبدەو نەفرینێکی زۆر بێ ئەندازەیان لێ بکە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ آذَوْا مُوسَى فَبَرَّأَهُ اللَّهُ مِمَّا قَالُوا وَكَانَ عِندَ اللَّهِ وَجِيهًا (69)

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە: وەکو ئەوانەمەبن کەئازاری موسایان دا (تۆمەتیان بۆ دروستکرد، بوختانیان بۆ هەڵبەست) خوای گەورەش (لەوتۆمەت و بوختانەیان) پاراستی و پاکیی ئاشکرا کرد، وەئەو لای خوا زۆر بەڕێزەو ئازیزە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا (70)

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوەلەخوا بترسن و پارێزکار بن، هەمیشەقسەو گوفتاری بەجێ و بەسوود بکەن.

يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا (71)

(ئەوسا ئیتر) کردەوەکانتان چاك و بەجێ و پەسەند دەکات، لەگوناهەکانیشتان خۆش دەبێت، جا ئەوەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەکەی بێت، ئەوەئیتر سەرکەوتن و سەرفەرازیەکی بێ ئەندازەو بێ سنووری بەدەست هێناوە.

إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا (72)

ئێمەئەمانەتی (عەقیدەو بیروباوەڕ، ئەمانەتی سەرپشکیمان) نیشانی ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکان دا، (یاخود پێشنیارمان کرد کەئێوەهەڵگری ئەم ئەمانەتەبن)، بەڵام هەموان دەستیان پێوەناو ترسان لێی هەر پێیان چاك بوو ئاوا "مسیر بن، سەرپشک نەبن" کەچی ئادەمیزاد هەڵی گرت و گرتیەئەستۆی، بەڕاستی زۆر ستەمکارو نەفام بوو (ئەگەر زۆرینەرەچاو بکەین).

لِيُعَذِّبَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ وَيَتُوبَ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (73)

تا خوا سزای پیاوان و، وەئافرەتانی دوو ڕووو، وەهاوەڵپەرستان لەپیاوان و لەئافرەتان بدات، هەروەها تەوبەو پەشیمانی لەپیاوان و ئافرەتانی

ئیماندار وەردەگرێت، بێگومان خوای گەورە(بۆ ئەوان) زۆر لێخۆشبوو و بەڕەحم و میهرەبانە.